## شەش حیزبی کوردستانی بەیاننامەیەک دەردەکەن. .

پ. ئاسۆ

ڕۆژی 31-12-2006 لە نوسینگەی سلێمانی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، شەش حیزبی کوردستانی کۆبوونەوە " زەحمەتکێشان، سۆسیالیست، شیوعی، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری

لە بەیاننامەیەکدا هاتووە دەڵێ "کە یەکدەنگن لە سەر ئەوەی دەبێت حکومەتی داهاتووی عێراق حکومەتێکی بنکە فراوان بێت، هاوکات لەگەڵ رە چاوکردنی ئیستحقاقاتی ئینتیخابی هەموو پێکهاتەکان لەگەڵ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێم بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، جەختیان کردەوە کە هەڵوێستیان داوای خواستی لە مێژینەی لایەن سیاسییەکان و جەماوەری کوردستان بووە بۆیە ئامادەبوان ئومێدیان خواست کە ئەو ڕێکەوتنە بە بەشداری هەموو لا پتەوبکرێ.

لە لێدوانێکدا حەیدەر شێخ عەلی ئەندامی م. س حیزبی شیوعی وتی " دەبێت حکومەتی داهاتووی عێراق حکومەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو بێت هەموو ئیستحقاقاتێکی ئینتیخابی تیا هەبێت " دووپاتی کردەوە کە یەکێتی و پارتی یەکلایەنە بڕیار دەدەن سەبارەت بە حکومەتی داهاتووی عێراق یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە،

لەوەڵامی پرسیارێکی ئاسۆدا کە ئایا حیزبی شیوعی قسەی لەگەڵ کراوە کە وەزارەتی بدرێتێ لە بەغداد ناوبراو وتی " تا ئێستا نەخێر چونکە هەموو شتەکان لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە قۆرخ کراوە، تا ئێستاش هیچ قسەیەکیان لەگەڵ ئێمە نەکردووە.

ئاسۆ. ژمارە 186